www.kurdistannet.org
18/01/2002 22:10

# ئەلیس ووکر، ژنەنوسەری رەشی ئەمریکی، دەڵێ:

# ئەڤین لە ستەم رەگی توندترەو ئازایەتی دەوێت. . !

وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: شێرزاد هەینی
heinisherzad@hotmail.com

**ئەلیس ووکر،** گۆڕانی تایبەتی زۆری لە ژیانی خۆییدا بەسەرهاتووە. خوشکی تاقانەی پاش هەشت برایە، لە گوندێکی دەڤەری جورجیاو لە شارۆچکەی ئەیتۆن لە باوکێکی وەرزێری سەپان لەدایکبووە. ووکری تەمەن 56 ساڵان، لە رۆمانی سێیەمی " رەنگە ئەرخەوانیەکە" خەلاتی بولیتزر بەرکەوتووە. پاشان لە لایەن دەرهێنەر ستیڤن سبیلبرگ کراوە بە فلیم. کتێبەکانی خوێنەرانی زۆرو خۆشەویستی بۆ پەیداکردووە. ئەو بلاْوکراوەنەی بوو وایانکرد زۆر بناسرێت.

ئەو بە ئارتیك و کورتە چیرۆك و رۆمان و هزری روون و ئازایەتی و هاوشانی خەباتی دژ بە پاکتاویی نەژادی و توندرەوەی جنسی دەناسرێت. . یەکێك لە چیرۆکەکانی پالەوانەکەی پارێزەرێکی سپی پێستە، کە زۆری خۆشی دەویست و ژیانی پێکەوەیان سەری نەگرت، ئەو پارێزەرە خەباتی بۆ یەکسانی رەش پێستەکان دەکرد. لە دوا سەفەری بۆ نیویورك وتی: زەحمەتە بتوانی بایەخ بە کەسێك بدەیت، ئەگەر بزانی ناکرێ ماوەیەکی درێژ هاوشانی بژییت، پاش بیست ساڵ هەردووکمان گوم بوین، هەستمان بە نامۆبوون کرد، کەس نەبوو ژانی خۆمانی بۆ باس بکەین. هەردووکیان کە لە بواری مافەکانی مەدەنی کاریان دەکرد. هەردووکیان دایك وباوك بوون، هەردووکیان لە دوو رەگەزی جیاواز بوون.

" ئەو پیاوەی شوم پێکردبوو، پیاوێکی دوورەپەرێزو زۆر بە بروا بوو" هەروەها وتویەتی: چیرۆکەکان ئازادییان دەنواند، هەروەها ئەوەشیان دەگەیاند، کەوا کوشندەیە مرۆ لە دەرەوەی بازنەی ژن و مێردایەتیدا بسورێتەوە، هەر هیچ نا لە قۆناخەکانی سەرەتاییدا. چیرۆکەکانی ووکر لە خۆشیە کورتەکان دەدوان. بۆ نمونە، چیرۆکی " لەئامێزگرتن" زۆر بە بایەخەوە لە خۆشی و گەرمی لەئامێزگرتنی کەسێك دەدوا. لە بەرهەمەکانی تریدا زۆر لە بواری پەیوەندی و هاوسەری و دایکوباوك و زارۆك و پیاوانی ئاغاو خزمەتکارو قەدەغەکردن، دەدواون. ئەوانە هەموویان بابەتی سەرەکی ئەو بون. ئەوی شەیداو تێنووی ئازادی بوو، بۆیە ناکرێ خۆی ئازادو سەربەست نەبێ. ! !

دایکی ژانی هەبوو، کە بە کیژەکەی وت: کیژم " ئەلیس" تۆ کەمێك ئاژاوەچیت، وایە. . ؟؟ ووکر ئەوەی بەچوارچیوەی دوارۆژی هاتە بەرچاو وتی: راستی فەرموو، یەکەم جارە من وەك راستی خۆم، خۆم بینی، ئەگەرچی من کیژێکی هۆشمەندو گوێرایەل و ژیر بوم، ئەو منی بەچاوی یاخیبوو و سەرکەش دەبینی. وەك ئەوەی دایکی ئەوەی بۆ درکاندبێت، تۆ ژیانی خۆت دەژیت. بۆیە ووکر بە هێمنی وەلامی ئەو پرسیارەی دایکی داوەتەوە و وتویەتی، راستە دایە.

بۆ ناساندنی خۆی و بازنەی ژیانی تایبەتی وتویەتی:

من لە سێ تیرەوە هاتووم، ئەمریکی ـ ئەفریقی، دووەمیشیان ئەمریکیەکی رەسەن، سێیەمیش ئەورووپیم بەشی ئەسکتلندی ـ ئایرلندییەکەی. هەروەها بۆ بروای ئاینیشی وتویەتی: من هەلگری بروای سێ ئاینم، وەك مەسیحیەك پەروەردەبووم، ئێستاش ئاینی بوزییم خۆشدەوێت، هەروەها ئاینی دنیوییم خۆشدەوێت. ئەوەشی وتووە، ئەو بە یەك چاوو بە هەمان ئاست ژن و پیاوی خۆشدەوێت. حەزی لە سروشتەو ئامێزی قەدی داریشی لا بەسۆزە. حەز لە هیوا دەکات و گەشبینە. بۆ کاری دوارۆژی ئەوەی وتووە، رەنگە لەسەر نوسین بەردەوام نەبێت.

رۆمانی یەکەمی " ژیانی گرینگ کوبلاندی سێیەم" دوو ساڵ پاش یەکەم دیوانە شیعرییەکەی دەرچوو. لەو دەمانەدا، ئەوەی وتبوو " من هەست دەکەم، دەورەی یەکەم سی ساڵەی تەمەنم تەواو بوون، جا نازانم لە دەورەی سی ساڵەی تەمەنمدا چ کاری تر دەکەم". دیارە ئەوەش بەندە بە ئەوەی هەست و هۆشی دەیبزوێنێ، وەك چۆن بۆ نوسینی رۆمانی" بەرجەستەکردنی نهێنی رابواردن" بۆی هاتە پێش. لەو کتێبەی کە لە بابەتی رۆمان دوورە "هێماکانی شەرکەرێك" دا کە بە هاوشانی **براتیبا بارمر** نوسیویەتی، هەردووکیان لە مەر سربونی جنسی رەگەزی مێ دوواون. بەقسەی ووکر: کە یەکەم ژن لە ولاتی خوارووی ئەفریقیا دووچاری نەخۆشی ئایدز بوو، بەردبارانکرا.

لەهەموو نوسینەکانیدا باسی توندو تیژی کردووە، بۆ ئەمەش وتویەتی، چونکە ئەوەیان خۆم دووچاری هاتووم بۆیە دەزانم توندو تیژی چەند ئازاربەخشە. ئەوەش وەنەبێ هەر ستەم و توندو تیژی ئازاربەخش بێت، خۆشەویستیش ژانی قوولە، هەردووکیان ئازایەتی زۆری دەوێت. لە نوسینەکانیدا، لە هەموویاندا، لە ژیانیدا، هەست بە غفران و ناز دەکات بەرامبەر ئەوانەی خراپەکاریشیان بەرامبەری نواندووە.

ئەو لە چیرۆکەکانی داپیرییەوە ئیلهامی وەرگرتووە، لە رۆمانی " رەنگە ئەرخەوانیەکە"دا نمونەی پالەوانەکەی لەو کەلەپوورە وەرگرتووە. لە تەمەنی هەشت سالییەوەو لە گۆشەی تەنیایدا دەستی داوەتە نوسین. دەبوایە لە ترسی خێزانەکەی شتەکان بشارێتەوە، یان دەبوایە زۆر لەوانە لەناو هزریدا حەشاریان بدات. هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی بیریان لەوە نەدەکردەوە رۆژێك ئەو بێتە نوسەر. لە کولێژی سبلمان لە ئەتلانتا بەهرەی چەکەرەی کردو تولستوی ناسی، هەستیکرد لەناو نوسینەکانیدا مەستبووە، وەك مرۆڤ و هونەرمەند چاکی ناسی، پاش ئەو گۆڕانە هەستیکرد مانەوەی لە کولێژدا سوودی نەماوە، ئەو بە پێچەوانەی کیژەکانی تر گرنگی لە جیاتی جوانکاری و مکیاژو مودە بایەخی بە ناسینی ئەدەبی رووسی دا.

پاش گواستنەوەی بۆ کولێژی سارا لورنس، دووچاری هەستێکی سەیر هات، ئەو کیژە تەنیاو تاقانە رەشەی ناو کولێژەکە، هەژارو دەستکورت دیاربوو، ئارەزووی نەمانی دەخواست. بەلام ئەو کۆڵی نەداو چەندین چیرۆك و شیعری پەخشکرد. لە سالانی شێستەکانی سەدەی رابردوو لە بواری کاردا لیفنتالی ناسی و بەیەکەوە دووچاری زۆر گیروگرفت هاتن، بەلام لە ئاکامدا رۆمانی " میریدیان" ی نوسی. پاش جیابونەوەیان رۆمانی " رەنگە ئەرخەوانیەکەی" زۆر بە پەلە نوسی. مەبەستی سەرەکی نوسینی ئەم رۆمانەی ناساندن و چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەلایەتیەکان بووە، ویستویەتی درزەکان پڕبکاتەوە. لە پاشکۆی رۆمانەکەدا ئەوەی نوسیوە، کەوا ئەو وەك نوسەرو پێناو، کاری لەم نوسینەدا کردووە. ئێستاش لە کالیفۆرنیا ژیانێکی تایبەتی بەسەر دەبات، ماوە ماوەش بۆ خانووە گوندییەکەی دەگەڕێتەوەو خزمەتی باخەکەی دەکات کە دەکەوێتەوە سەر گردەکانی فیدۆتشینۆ، هاوشان لەگەڵ خزمەتکردنی باخەکەیدا ماوە ماوەش دەنوسێت.

لە رۆژنامەی " الشرق الاوسگ" ی رۆژی 1/6ی 2001 وەرگیراوە.